# بژی 8ی مارس رۆژی ئازادیو یەکسانی

## *ژنانی ستەمدیدە! کریکاران، جەماوەری ئازادیخواز!*

8ی مارس رۆژی نەفرەت لە ستەمو هەلاواردنی جنسی لە دژی ژنان، رۆژی ئازادیو یەکسانی بەریوەیە. ئەمسال لە هەلومەرجیکدا ژنانو خەلکی عیراق پیشوازی لەم رۆژە دەکەن کە سەختترین جەهەنمو تاریکستان بۆ ژنانی عیراق بەرپاکراوە. جەنگی کۆنەپەرستانەو خویناوی ئەمریکا کە لە ژیرناوی "پرۆسەی ئازادی عیراق"و کۆتایهینان بە تیرۆریزم بەرپاکرا، ئەم کۆمەلگایەی بە نوقمکراوی لە تیرۆریزمو کارەساتو بەربەریەتدا، تەسلیم بە دەستورو دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کردوە.

دوای دەیان سال لە بەربەریەتی بەعسو سەربرینو کوشتاری ژنان لەلایەن جەلادەکانی ئەو رژیمە فاشیستەوە، ئەمرۆ کۆمەلگای عیراق بە زەبری تیرۆرو تەقینەوەو کوشتاری بە کۆمەل، دیسانەوە بۆ ژیرباری دەسەلاتو دەستوریکی بەربەریانەی دیکە راپیچ دەکریت. ئەمجارەیان بەربەریەتی ئیسلامی-قەومی هاوپەیمانی ئەمریکایە. یەکەمین قوربانیەکانی ئەم راپیچکردنەش ژنانن.

بەپێی دەستورو نەریتی ئەم بەروبومە قەبیحەی جەنگی ئەمریکا، ژنان دەبێ ئینسانی پلە چەندەمو کۆیلەی کۆیلەکانی ئەم کۆمەلگایە بن، بەپێی نەریتو دەستوری راگەیەنراوی حکومەتی داسەپاوی جەعفەری- تالەبانی، سەنگەسار جیگای ملپەراندنی ژنان دەگریتەوە کە پیشتر لەلایەن فیدائیەکانی صدامەوە بەریوە دەبرا. دەستوری ئەمانە بۆ بەریوەبردنی حوکمی ملهورانەی ناقص العقل بوونی ژنانە، ژنان وەکو دەعبایەکی خەتەرناکی مایەی فەسادی چاو لیکەدەن کە دەبێ لە نیو چادری رەشدا حەشاربدرین، بە نەریتی چەند ژنەو متعە هەر لە تەمەنی 9 سالیەوە دەستدریژیان بکریتە سەرو لەشفرۆشیان پیوە بکریت...ئەمانە و سەدویەك شیوەی تری سوکایەتیو بێمافیو بەربەریەت لە سایەی حوکمی ئەو هیزانەی کە لە دەوری دەستوری فاشیانەی قەومی-ئیسلامی ریزیان گرتوە، چاوەروانی ژنان دەکات.

ئەمانە تەنها نیەتو ویستی ئەم هیزو میلیشیا قەومیو ئیسلامیانە نیە کە لەلایەن ئەمریکاوە بە کۆنتەرات چارەنوسی کۆمەلگایان پیسپیردراوە، بەلکو ئەوان بە کردەوە هیرشەکانی خۆیان بۆسەر ژنان دەستپیکردوەو جۆرەها ملیشیایی چەکداریان بۆ ئەم مەبەستە بەکارخستووە. فتوای کوشتنو ئیغتصاب کردنی ژنانو تەنانەت کچانی 9 سالە راشکاوانە راگەیەنراوە، حملەی کوشتارو سەربرینی ژنان لە چەند ناوچە دەستی پێکراوە، زەختو زۆریکی فراوان بۆ داسەپاندنی چادری حجاب بەریوەدەبریت، ژنان بە لیشاو لە کارو بازارو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانو چالاکی کۆمەلایەتیەوە بۆ ناو زیندانو چواردیواری مال راپیچ دەکرینەوە. نەریتو ئەحکامەکانی ئیسلام بنەمای ئەم هیرشو پەلامارە بۆسەر ژنان پیکدەهینن. ئەمەیە بەروبومی "پرۆسەی ئازادی عیراق"و دیموکراسی ئەمریکا بۆ ژنانی عیراق.

بەلام ئەم بەربەریەتەی کە لە دژی ژنان بەرپاکراوە، پەلاماریکی فراوانە بۆ سەر هەموو دانیشتوان، سوکایەتیەکی گەورەیە بە هەموو ئینسانیەت، ئەمە یەك میحوەری پەلاماریکی بەربەریانەی فراوانترە، کە لەلایەن ئەم هیزانەی سیناریۆی رەشەوە بۆ سەر هەموو مافو پیوانەو بەهایەکی ئینسانیو ئازادیخوازانە، بەریخراوە. پەلاماریك کە هاوکات هەموو مانایەکی ئازادیو مەدەنیەتو مافەکانی کریکارانو لاوانو مندالانو جەماوەری بەرینی زەحمتکیش رادەمالێ. بۆیە وەستانەوەش دژی ستەمکیشیو بێمافیو هەلاواردن لە دژی ژنان، ئەرکو مەسەلەی هەموو جەماوەری ئازادیخوازو کریکارانو لاوانە بە ژنو پیاوەوە.

## *ژنان، کریکاران، لاوان، جەماوەری ئازادیخواز!*

بەلام بەربەریەتی ئەم هیزو تاقمە میلیشیایانە حەتمی نیە، هاتنەمەیدانی هیزی بەرینی مەحرومانو ستەمکیشانی ئەم کۆمەلگایە بە پشتیوانی بەشەریەتی متەمەدنی دنیا، دەتوانی ئەم بەستەلەکی کۆنەپەرستییە تیکبشکینێ. با لەم ریگایەدا رۆژی 8ی مارس بکەین بە رۆژی هاتنەمەیدانو دەنگهەلبرین لە دژی ستەمو هەلاواردنی جنسی، سەرجەم ئازادیخوازان لەم رۆژەدا لە ژیرئالای ئازادیو یەکسانیدا نەفرەتی خۆمان لەو دەسەلاتو دەستورو یاساو نەریتە کۆنەپەرستو دارزیوانە، بکەین بە جولانەوەیەکی بەرینی کۆمەلایەتی لە دەوری ئەم خواستانە:

- جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردن، و هەلوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو ریسایانەی کە لە دینەوە سەرچاوە دەگرن،
- یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنانو پیاوان.
- مەحکوم کردنو بە سزا گەیاندنی بکوژانی ژنانو ئەوانەی فتواو بانگەوازی ئەم تاوانە درندانەیە دەردەکەن.
- قەدەغەکردنی حجابی زۆرەملیو قەدەغەبوونی حجابی مندالان .

با رۆژی 8ی مارس لەسەراسەری وولاتدا، هەروەها لە دەرەوەی وولات، لە هەرکوێو بە هەر جۆریك دەتوانین کۆرو کۆبونەوەو میتنگی گەورەو بچوك بۆ ریزگرتن لە رۆژی جیهانی ژنانو لە دەوری ئەو خواستانەی سەرەوە بەرپا بکەین. هاوکات لەگەل نەفرەتو بیزاری لە دەستورو نەریتو یاسا کۆنەپەرستانە ئیسلامیو پیاوسالاریەکان، خواستو دروشمەکانی خۆمان بەرووی ئەم هەلومەرجەو خاوەنەکانیدا بدەینەوەو فەزای کۆنەپەرستیو ستەمکاریان بشکینین.

**ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ کۆتایی فیبریوەری-2006**